www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا28-1-2006 21:09

# بتی شکاو: پێشکەشەبەد. کەمال سەید قادر ... شەیدا بلّباس

هیچ شتێک لەهەستی مرۆڤ ناسکتر و لەرِقی ئەستوورتر نییە. ئەویش کەدوای راستییەکان دەگەرِا. خەونێکی هەبوو نەیدەزانی چۆنی بەیان بکات.. ئازارێک کەبەسەرئێسقان گەیی، دوورخستنەوەی مەحالّ بوو.. ئەندیشەیێک تا دەهات لەقەبارەی خۆی گەورەتر دەبوو. بۆ سەلماندی رِووی کردەشاخ.. لەوێ لەبەرامبەر چیای سەخت و سامناک رِاوەستا؛ بەرِق و ئازار و ئەندیشەوە- زەنگی جەنگی لێداو ووتی: 'یا من، یا تۆ!'.
بەچەکوش و بزمار و تەور و سمپارەکەوتەململانێ، هالێرەو هالەوێ.. نەشەو و خەو، نەرِۆژ و خۆراک، نەسەرما و گەرما، ئاگای لەجیهانی دەوروبەری نەما و هەربەردەوام بوو.. تازەکۆلّدانی بەدۆرِان دەزانی و مەرامیشی سەلماندن بوو تا براوە! لەگزنگی بەرەبەیان تا بوومەلێل هەر لەبەر خۆیەوەدەیگووت و دایدەتاشی.. سات دوای ساتیش برِوای بەخۆی زێتر دەبوو، هیوای پتەوتر و لەخەونەکەش نزیکتر دەکەوتەوە. هەر ئەوانەش هانی نەسرەوتنیان دەدا.
رِۆژ بەدوای رِۆژ خۆی لەناو داهێنانی کارەکەی جوانتر دەبینیەوەو نەیارانیش لەپێشدا بەشێت و سەرلێشێواویان دەزانی، تا ئەو کاتەی کەبینییان کەکار بەکوێ گەییوە! جا پلان دانان بۆ ساردکردنەوەیا دوورخستنەوەی بێهودەبوو، کار لەکار ترازابوو.
رِۆژی سێیەم، هەرچی لاساری هەیەوەک ووزەلەتوانایدا کۆبووەوەو لەپەشیمانی رِەواندەوە.
رِۆژی چوارەم، باو و باران.. سەرما و بروسکە.. ئەهریمەن و جنۆکە، نەیانتوانی پێشگری بن.
رِۆژی پێنجەم، پەیکەر بۆ خۆی دەدوا.
رِۆژی شەشەم، هەر چەکوشێکی دایدەکوتا لەدلّەوەهەستی پێدەکردو بەکرِاندنی بزمار و سمپارەش رِەنگدانەوەی لەمێشکیدا دەجولاندەوە.. هەر بۆیەهیچ هێزێک لەبەرامبەریدا نەیتوانی پەشیمانی و پاشگەزبوونەوەی لەهەولّ و کۆششی کەم بکاتەوە. هەوالّ بەلێشاو بەدەیان رِەنگ و دەنگ گەیشەکۆشی بالّاو، شای خاوەن شکۆ بەتامەزرۆیی فەرمانیدا هەر بەیانی هەتا زووەبۆی بگوازنەوەئێرە، تاخەلّاتی بکا.

پەیکەر ئیتر پەیکەر نەبوو!.. بت بوو.. خوای بتان بوو. لەکاتی گواستنەوەی بەرەو کۆشک، گیان لەدەست لەترسی شکانی و هەندێکیش بەدلّدانەوەی کەگوایا لەوەتێپەرِیوە، خۆشیان دەداوە. خەلّکی وایبۆدەچوون کەکێشەکەتەواوبووبێ، بەلّام ئێستا سەرەتای کێشەکەبوو، کەبەزەقی کەوتەرِوو، ئەوی دیوی ناحەزی لەخۆ نیشاندا.
هەرچی پیاوی کارامەو بلیمەتی مەملەکەت بۆ بەیانی تێکرِا بانگرِاهێشتن کران.
بەیانی بەلادانی پەردەلەسەر پەیکەر، بەچەپلّەلێدان و هەراو هۆریا.. هەرزوو یاساولّانی خاوەن شکۆ لێکدانەوەیان ئالّوگۆر کردو بەخێرایی چەند ووشەیێکیان بەگوێی چرپاند. پاشان ووتار خوێندرایەوەو شاعیرێکیش هەر لەدەرکی سەراوەبۆ تاجی شاە، و پەیکەرەکەشی بەپەیکەری شاهانەنێوزەد کرد. گۆرانیبێژێکیش لەولاوەهات و گۆرانێکی ئێجگار دلّتەزێنی پێدا هەلّدا.
شای خاوەنشکۆ بەرەو مینبەر سەرکەوتوو دەنگی هەلّێنا:
-'گەلی بەختەوەر خاوەن سەرکردەی لێزانە.. '

ئێمەی داهێنەر.. خوا پێداو، هەمیشەدۆستی هونەر و .. بەڵێ ئەمەشەڕەفێکی گەورە..
ئەویش وەک هونەرمەند تا دەهات، خۆی پێ سووک دەبوو، لەپێستی خۆی حەژمانی نەما و نەیتوانی لەوەزیاتر خۆی پێڕاگیرێت و بەهاوارێک کەتەواوی ووزەی گیانی تێدا کۆکردبوەوە، نەڕەی لێهەڵسا:
-'تکااااایاااا...
ئەم هاوارە، وەک ناوکی ئەتۆم تەقیبێتەوە، ئەو دونیا ئاپۆڕایەی بێدەنگ کرد.. گەر دەرزیت هەڵدایە، گوێت لەچرقەی کەوتنی دەبوو. خەڵکان تێکڕا چاویان دانواند؛ تەنها ئەو دوو چاوەی هاوارەکەی لەدەم دەرچوو، نەبێت.
خاوەن شکۆ بەسەرخۆی نەهێناو، بەپێکەنینێکی دەستکردەوە، فەرمووی لێکرد:
- ' بەرێز.. لەوەتەی وەستاوم و گوێم لێیە، هەر باسی شکۆمەندیتان و هونەری پەیکەرەکەیە! ئەی خاوەن.. داهێنەر.. هونەرمەندە..؟ یاساوڵێک لێیوەرگرتەوەو ووتی:
-'بەرێز، بێگومان خاوەن شکۆ خەڵات کردنتانی لەئەستۆگرتووە.'
-'بۆ خەڵات بەم کارەهەڵنەستاوم و نیازی فرۆشتنیشیم نییە.. جاخۆ گەر من خاوەنی بم، مافی ئەوەم هەیە، ناو لەپەیکەرەکەم بنێم! .. دیارەنامەوێت ناوی پەیکەری شاهانەی بەبالابڕن، .. بەڵکو ئەمەپەیکەری" مەرگی ئازادیە" . بەبیستنی مەرگی ئازادی، هەموو ئەوانەتا ساتێک لەمەوبەر چەپڵەی سەرسوڕمانیان بۆ پەیکەر لێدەدا، دوور و نزیک، یەکدەنگ ووتیان:
-'بژی خاوەن شکۆ.. مەرگ بۆ تۆ.'
کۆڵکەشاعیرێکی پەککەوتەش بۆ خۆشیرینکردن، هاتەپێشەوەو ووتی:
-'گەورەم، بەهەڵەی تێمەگە.. نیازی خراپ نییە!
تا ئەو کاتەکەس جورئەتی ئەوەی نەکردبوو، بەم شێوەبوێرانەلەڕوو خاوەن شکۆ رەفتاربکاو بەجەرگانەبێتەمەیدان و ململانێی لەگەڵ بکا، بەتایبەتی لەبەر چاوی تێکڕای خەڵک. ئاگر لەچاوەکانی دەباری و بەرقەوەووتی:
-'بیگرن و پەلکێشی بکەن بۆ ناو زیندان، باتاماوەلەزیندان دارزێت.. ئەو پەیکەرەش لەم کۆشکەدوورکەنەوە.. لەبەر دەرگای سەرا.. مەیچەسپێنن، هەڵیواسن! .. تا میللەت بزانێ ئەوەی سەرپێچی بکا، نابێ لەخاکی باب و باپیرانمان جێگیر بێت.'
لەو ساوەدڵدارەهەرزەکارەبوێرەکانی مەملەکەت، لەدوای یەکەمین نامەی دڵداری، دەستی دولبەر دەگرن بۆ بەردەم سەراو؛ وێنەیک بۆ یادگاری لەبەردەم ئەو پەیکەرەبێ خاوەن و ناو نیشانەدەگرن.